? Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.07 18:42:48 -06'00'

# بە ڕووخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا

حەمەسەعید حەسەن

ڕۆژێ نەبوو ئەم موسلیمە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم موئمینە شەرمێ لە خودا کا

زوڵمێ کە ڕم و شیری موسڵمان لە (هین)ی کرد (١)
(جەلتا) لە مێقەل، گەلەگورگ لە کاوڕی ناکا (٢)

پێکێ کە جوندی خودا دەرخواردی (پوک)ی دا (٣)
ژاراوێ بوو کەس، بەوپەڕی مەستیش فڕی ناکا

غەدرێ کە جەیشی ئوسامە لە ڕەنگی کەسکی کرد (٤)
پێشمەرگە لە جاش، ڕاپەڕین لە سیخوڕی ناکا

تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە، پلوسکێ بوو
ئێستە پەرداخێ بخەیە بەری پڕی ناکا

داکۆکییە مام، لە کوێتەوە لە نیزاری کرد
سەددام لە عەلی بای مەرگ و عودەی کوڕی ناکا (٥)

کارێ کە (سەعی) بە دەروێشانی ئەوەکی کرد (٦)
سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا

2002. 12.08

(١) هین: ه: هێزی. ی: یەکێتی. ن: نیشتمانی.
(٢) جەلتا: جەل: جەلال، تا: تاڵەبانی.
(٣) جوندی خودا: جند الله، سەربازانی خودا. پوک: puk
(٤) جەیش: لەشکر، سوپا.
(٥) بای مەرگ: گازی کیمیاوی
(٦) ئەوەک: اوک: الاتحاد الوطنی الکردستانی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.